www.kurdistannet.org
27-7-2006 15:05 بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## محەمەد رەئوف (وەزیری بازرگانیی کوردستان) : زۆربەی ئەوانەی دژی یاسای وەبەرهێنانن لەسەر بنچینەی عاتیفە و بی مەعلوماتی رەخنە لە یاساکە دەگرن ... دیمانە: زیاد ڕەشاد

رۆژی چواری ئەم مانگە پەرلەمانی کوردستان بە زۆرینەی دەنگ یاسای وەبەرهێنانی پەسەند کرد. لە یاساکەدا هاتووە ئەو کۆمپانیا بیانییانەی دێنە هەرێم کار دەکەن زەویی پێویستیان بۆ تەملیک دەکرێت. ئەمە جگە لەوەی ماوەی چەند ساڵێک لە باج و رسومات و گومرک دەبەخشرێن. ژمارەیەک پەرلەمانتار . لەوانە پەرلەمانتارانی سەر بە فراکسیۆنی یەکگرتوو . دەنگیان بۆ یاساکە نەدا. (محەمەد رەئوف) ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکگرتوو و وەزیری بازرگانیی هەرێم لەگەڵ هەریەک لە وەزیری پلاندانان و وەزیری پیشەسازی وەک نوێنەری حکومەت لەگەڵ پەرلەمانتاران تاوتوێی یاساکەیان کرد. لە وەڵامی پرسیاری ئەوەی (ئاخۆ چۆن ئەوە لێک دەدەنەوە کە پەرلەمانتارانی یەکگرتوو دژی ئەم یاسایە دەنگیان دا. لە کاتێکدا وەزیری سەر بە لیستی یەکگرتووش تەنزیری بۆ یاساکە کردووە؟) . (محەمەد رەئوف) وەزیری بازرگانیی هەرێم لە دیدارێکی تایبەت بە رۆژنامەی یەکگرتوودا وتی:

من وەکو ئەندام لە دەزگایەکی تەنفیزی حکومەتی هەرێم پرۆژەیەکمان پێشکەش کردبوو هەقی خۆمان بوو بەرگری لە پرۆژەکە بکەین. کە قەناعەتمان وایە لەم فرسەتەدا هەنگاوێکی دروستە بۆ مسۆگەرکردنی ئایندەی گەشەکردنی ئابووری لە کوردستان. سروشتیشە ئەوە کە پەرلەمانتارانی سەر بە فراکسیۆنی یەکگرتوو دەنگ بە یاساکە نەدەن و من وەک وەزیر لەگەڵ یاساکەدا بم. چ جیاوازیی شەخسی بێت یا بەهۆی ئەوەی ئەوان لە دەزگایەکی تەشریعیدان بەرپرسیارێتییە یاساییەکە دەکەوێتە ئەستۆی پەرلەمان. لەگەڵ ئەوەشدا پەرلەمانتاری یەکگرتوو هەبوو دەنگی بۆ یاساکە دا بە هەموو برگەکانیەوە.

وەزیری بازرگانیی حکومەتی هەرێم ئاماژەی بەوە دا کە یاسای لەم چەشنە لە شوێن و وڵاتانی تریش هەیە و. راشیگەیاند زۆربەی ئەوانەی دژی یاساکەن لەسەر بنچینەی عاتیفە و بێ مەعلوماتی رەخنە دەگرن. ناوبراو وتی: بۆ نموونە لە عەرەبستانی سعودیەدا یاسای وەربەرهێنان هەیە. کە هەقی بەموڵکردن دەداتە هەر پرۆژەیەک و خاوەنی پرۆژەکە و. تەنانەت کرێکاری پرۆژەش ئەو هەقە دەیگرێتەوە. لە ئیماراتیش لە ساڵی (2003) وە یاسایەکیان هەیە. یاسای تەملیک بۆ هەر بیانییەک هەیە بەپێی ئەو مواسەفاتەی کە پێشکەشی دەکات بەپێی زەرورەتی پرۆژەکە. هەروەها لە لیبیا و سوریاش . کە ئەگەر مەترسیی کرین و داگیرکردن هەبێت ئەو دوو وڵاتە زۆرتر مەترسییەکەیان لەسەرە و پەیوەندییان لەگەڵ ئەمریکا و رۆژئاوادا تەواو نییە . ئەم یاسایە هەیە.

سەبارەت بەو مەرج و گرێنتییە قانوونییانەی هەیە بۆ ئەو کۆمپانیایانەی دێنە هەرێم و زەوییان بەناو دەکرێت. (محەمەد رەئوف) رایگەیاند کە وەختێ دەوترێت تەملیک. کۆمەڵێ فلتەر و زەمانەتی یاسایی هەن: وەک کۆمپانیاکە پرۆژەی ئامادەکراوی هەبێت ئەوەندە زەویی پێ دەدرێت کە پرۆژەکەی تێدا جێبەجێ بکات. ئەنجامی پرۆژەکەش راستە ئەوان قازانجی خۆیانی لێ دەکەن. بەڵام قازانجەکەش دێتەوە حیسابی بانکی کوردستان و تەنمیەی کوردستان و گیرفانی خەڵکی هەرێم. ناوبراو زیاتر وتی: ئەگەر ئەو کۆمپانیا بیانییانە نەیەن نە عەقڵی تەکنۆلۆژی و نە توانای ئابووری و نە سەرمایەگوزاریی ئێمە فریای وەبەرهێنانی کوردستان ناکەوێت و جگە لەمەش هەر پرۆژەیەک ئەوەندە زەویی بۆ تەرخان دەکرێت کە بتوانێت تێیدا بژی. هەروەها ناتوانی لەوە زیاتر تەملیک بکات یا ئەوەی وەریگرتووە بیفرۆشێتەوە و رەفتار (تێرف) ی پێوە بکات. لە وەڵامی پرسیاری ئەوەی (کێ پرۆژەکان هەڵدەسەنگێنێ و بریاری زەوی پێدانیان دەدات؟) وەزیری بازرگانی وتی: دەستەیەکی تەنفیزی کە لە کۆمەڵێ پسپۆڕ پێکدێت. پاشان ئەنجومەنێکی باڵا کە لە سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەی و شەش وەزارەت پێکدێت. سەرپەرشتیی دەستەکە دەکات.

هەندێک پێیان وایە ختورەی گەورەی ئەم یاسایە لەوەدایە رەنگە پاش چەند ساڵێکی دی لە وڵاتی خۆمان ببینە بێگانە و بێگانەش ببێتە خاوەن ماڵ. ناوبراو رەتی کردەوە کە ئەم مەترسییە لە جێی خۆیدا بێت و. وتی: ئەم مەسەلەیە دەستور چارەسەری کردووە. چونکە لە دەستوردا هاتووە نابێت هیچ زەوییەک لە هیچ بەشێکی عێراق تەملیک بکرێت بۆ مەبەست و بە ناوی گۆڕینی دیموگرافی. بەو مانایەی نابێ هیچ کەسێکی بیانی لێرە زەوی بکرێت و تێیدا نیشتەجێ بێت و پاش ماوەیەکی دی ئێرە ببێتە بەشێک لە وڵاتێکی دی.

دەربارەی هۆی بەخشینی کۆمپانیاکان لە باج و رسومات و گومرگ کە لە یاساکەدا هاتووە. ئەو وتی: تەنیا وەک هاندان و ڕێخۆشکەرێک کراوە. چونکە وەبەرهێنان لەسەر سێ پایەی سەرەکی دەکرێت. کە بریتین لە:

یەکەم: بوون و ئامادەکردنی یاسای وەبەرهێنان بە شێوەیەکی پێشکەوتوو. سعودیە و سوریا و ئیمارات یاسای لەم چەشنەیان هەیە و ئێرانیش خەریکی تاوتوێکردنی پرۆژە یاسایەکی لەم جۆرەیە. دووەم: بوونی بانک کە تا ئێستا لای ئێمە بایەخەکەی نەزانراوە. واتە

دەبێ بچینە تۆڕی بانکی نێودەوڵەتی و. متمانەی سندوقی نێودەوڵەتی وەربگرین و بانکەکانی ئێرە ببەسترێنەوە بە تۆڕی بانکی جیهانییەوە. پایەی سێیەمیش: بریتییە لە لایەنی ئەمنی. چونکە مەشهورە دەڵێن سەرمایەگوزار ترسنۆکە. واتە ناتوانێت موجازەفەی گەورە بکات. بۆ نمونە چەند ساڵێکە بازرگانانی کورد و عەرەب و غەیرە عێراقی بیر لە هێنانی شەکر دەکەنەوە لە بەرازیل بۆ عێراق. بەڵام لەبەرئەوەی لایەنی ئەمنی مسۆگەر نییە و کەس ناوێرێت خۆی لێ بدات. راستە لایەنی ئەمنیی کوردستان لەبارە. بەڵام ناتوانی بازرگان و خاوەن کۆمپانیاکان قەناعەت پێ بکەیت کە لە بەسرە تا کەرکوک ئاگربارانە لێرە هیچ نییە. لەبەر ئەوە زەحمەتە وەبەرهێنی بیانی قەناعەت پێ بێنی و زەمانەتی بۆ بکەیت کە سەرمایەکەی بێنێتە ئێرە و بیخاتە گەڕ.

ناوبراو زیاتر وتی: ئێمە لەبەرئەوەی هەرسێ پایەکەمان بە تەواوی نییە. دەبێ بە ڕێگەی تر هانی کەرتی تایبەت و کارگە و کۆمپانیای گەورە بدەین بێنە ئێرە. ئەوسا حکومەت دەتوانی خەڵکێکی زۆر لە فەرمانبەر و مووچەخۆر مۆڵەت بدات. چ بە قەرزدانی درێژخایەن بێ یان موکافەئەکردن یا خانەنشینکردن. هەروەها ئاماژەشی بەوە کرد کۆمپانیاکان کە دێن. دەبێ مەشق بە خەڵکی ئێرە بکەن کە ئێمە قەیرانی کارمەند و کادیری فەننیمان هەیە.

خاڵێکی تر کە ئەو بە بایەخەوە لە یاساکەدا باسی کرد. کە دەشێ بەهۆی هاتنی وەبەرهێنی بیانی و خستنەگەڕی سەرمایەکانیان لێرە ڕێگە خۆش بێ بۆ نەهێشتنی گرفتی بانک. چونکە وەک ئەو وتی: وڵاتێکی وەک سعودیە بە دە ساڵ دانوستان ئینجا توانیویەتی ببێتە ئەندامی ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی. کەچی لە عێراق بۆ یەکەم جار لەم ڕۆژانەدا وەفدێکی (20) کەسی ناردووە بۆ لای ڕێکخراوەکە. بەهەمان شێوە ئێران پاش (27) ساڵ موقاوەمەکردن ئەمساڵ (7) دەوڵەتی کردووە بە واسیتە تا لە ڕێکخراوی ناوبراو وەربگیرێت.

سەبارەت بەو پرۆژە یاسایەی وەزارەتی بازرگانیی عێراقی خەریکە لە بەغدا دەدرێتە پەرلەمان تا پەسەند بکرێت. لە وەزیری بازرگانیی کوردستانمان پرسی: ئەگەر یاساکەی بەغدا لەگەڵ ئەوەی کوردستان ناکۆک و دژ بەیەک بوون. چی دەکرێت؟ (محەمەد رەئوف) وتی: یاسا تەعاروزی یاسا بکات گرنگ نییە. بەڵام نابێ لەگەڵ دەستور تەعاروز بکات. چونکە دەستور دەکرێتە سێ بەشی سەرەکی. بەشێکیان: بریتییە لە (اختیّایاتی حیّری) کە (8 – 10) ماددەیە. کە لە دەسەڵاتی حکومەتی مەرکەزیدایە و دەسەڵاتی هەرێمیش شەریکە تیایدا و. ئەم دەسەڵاتە بۆ حکومەتی هەرێمەکان نییە دەستکاریی بکات. ئەم یاسایەی ئێمە موخالیف نییە لەگەڵ ئەوە. تەنیا یەک بەندی تێدایە کە دەڵێ سیاسەتی ئابووری لە دەسەڵاتی (حیّری) ی حکومەتی فیدراڵیدایە. جا ئێمە وامان داڕشتووە موخالیف نەبێ لەگەڵ سیاسەتی ئابووریدا. بەشێکی تر لە دەستور بریتییە لە دەسەڵاتی هاوبەش (مشترک) . واتە ئێمە و حکومەتی مەرکەزی هاوبەشین لەو بڕیارانەدا. ئەوە لە بەندێکی دەستوردا هاتووە لە هەر سەڵاحیەتێکی هاوبەشدا ئەولەویەت بۆ هەرێمە. نەک مەرکەز.

بەشی سێیەمیش: ئەوەیە هەر قانوونێک هاوبەش (مشترک) نەبوو (حیّری) ش نەبوو. ئەسڵ بۆ هەرێمەکانە.

(محەمەد رەئوف) باری سەرنجی خۆی لەوە دەربڕی کە ئەم یاسای وەبەرهێنانە هەنگاوی یەکەمە بۆ گەشەپێدانی چالاکییە ئابوورییەکان لە هەرێمی کوردستان.

یاسای وەبەرهێنان وەک هەموو یاساکانی تر پاش پەسەندکردنی لەلایەن زۆرینەی ئەندامانی پەرلەمانەوە دەدرێتە لای سەرۆکی هەرێم کە ئیمزای لەسەر بکات. لەم بارەوە وەزیری بازرگانی ئاماژەی بەوە کرد ئەگەر لە حاڵێکدا سەرۆکی هەرێم لەسەر بڕیارەکە ئیمزای نەکرد. ئەوا دەقی بڕیارەکە دەگەڕێتەوە پەرلەمان. ئیدی ئەگەر پەرلەمانیش دیسان پێشکەشی سەرۆکی هەرێمی کردەوە و ئەویش دیسان ئیمزای لەسەر نەکات. ئەوا بەپێی دەستور پەرلەمان ئیقراری دەکات و یەکلایی دەکاتەوە. بەڵام ئەگەر پرۆژەکە بە پێوەری زانستی و یاسایی و بەپێی موازەناتی سیاسی و ئابووری و بازرگانی بوو و ئەهلی ئیختیساس قسەی تیا کرد و سەرۆکی هەرێم توانی قەناعەت بە پەرلەمان بکات. ئەوا یاساکە هەموار دەکرێت. بەڵام ئەگەر پەرلەمان سوور بوو لەسەر یاساکە وەک خۆی. ئەوا ئەسڵ بۆ پەرلەمانە.

سەبارەت بەوەی ئەگەر کۆمپانیایەک پارچەیەک زەوی لێرە وەربگرێت و بەناوییەوە بکرێت. دواتر کە کار و پرۆژە لە کوردستان نامێنێت. ئاخۆ ئەو موڵکە لە کۆمپانیاکە دەسەنرێتەوە و دەدرێت بە کێ و وردەکارییەکەی چۆنە. وەزیری بازرگانی وتی: ئەم وردەکارییانە لە دەستەی یاسایی تەعلیماتی تری بۆ دەردەچێت و دواتر دەزانرێت.